# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە**(241) **یەکشەممە**30- 05- 2010


## ئۆجەلان بەرپرسیارێتی رەتدەکاتەوە

عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەرێی پارێزەرەکانیەوە ئاشکرایکردوە، بەهۆی ئەوەی کەدەوڵەت وەڵامی بانگەوازەکانی ئەوی نەداوەتەوە، ئیدی ئەوپاشەکشە دەکات ودەستەڵات بۆ کۆما جڤاکێن کوردستان و پارتی ئاشتی و دیموکراتی دەگێڕێتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان رۆژی31ی ئایاری وەک دوایین مۆڵەت دیارکردوە، ئەگەر دەوڵەت وەک لایەنی بەرانبەر دانوستاندنی لەگەڵدا نەکەن، ئیتر بەرپرسیارێتی لەئەستۆی مندا نامێنێ. هەریەکە لە جەمیل بایک، کارایلان، دۆران کالکان و حەیدەر کایتان تێیدا بەرپرسیار دەبن.

ئۆجەلان دیاری کردوە کە نابێت ئەم قسانە وەک راگەیاندنی شەڕ لێکبدرێنەوە.

# رژێمی سوریا ناسنامە لە سیاسەتمەدارانی کورد دەسێنێتەوە

ماڵپەڕی کورد وچ بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، بڵاوی کردۆتەوە کە دەزگەی ئاسایشی وڵاتی سوریا بڕیاری داوە کە ناسنامە لەو کوردانە وەربگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و کاری سیاسی دەکەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان دەزگەی ئاسایشی ئەو وڵاتە لەهەوڵی لیستێکی درێژی لە ناوی ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی سوریا دەژین و وەک ئۆپۆزیسیۆن کاری سیاسی دەکەن، رەوانەی بەڕێوەبەرێتی باری کەسێتی کردووە لێیخواستون کە ناسنامەکانیان هەڵوەشێنێتەوە و لە هاوڵاتیبوون بێبەشیان بکات. هەروەها دەزگەی ئاسایشی سوریا داوای لە بەڕێوەبەرێتی باری کەسێتی کردوە کە ناسنامە بە بنەماڵەی ئەو کەسانەش نەدات.

زۆربەی ئەوانەی ناویان لە لیستەکەی دەزگەی ئاسایشدا هاتووە کوردن، بەڵام هەندێک عەرەب و ئاشوریشی تێدا هەیە، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە وەک ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی سوریا لە دەرەوەی وڵات تێدەکۆشن و پشتیوانی لە داخوازیەکانی کوردان دەکەن.

ماڵپەرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە توانیویەتی ناوی 37 کەس لەو کوردانە ئاشکرا بکات کە رژێمی سوریا بڕیاری داوە لە شاری ترپەسپی ناسنامەکانیان لێوەربگرێتەوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریە ناوی هەریەکە لە (عەبدولباقی یوسف، ئەندامی لیژنەی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا)، عەبدولباست حەسەن حوسێن، محەمەد سالح نوری، مەسعود خەلەف محەمەد، موعتەسەم شێخ موس، کامیران حاجۆ، رێناس عومەر، سەردار سەبری، شێرکۆ عەباس و خالد عەلوان حەقی)

# نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستەکەی شاننزمی بۆ هەموان پێشان دەدات



دوای سەردانەکەی مالکی بۆ لای عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان، دەرکەوت کە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستەکەی هانای بۆ گەورە مەرجەع بردوە تا گوشار لەسەر هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق، بەتایبەتیش لەسەر رەوتی سەدر بکات تا رەزامەندی لەسەر کاندیدکردنەوەی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە عەلی ئەدیب یەکێک لە سەرکردەکانی ئیتیلافی دەوڵەتی یاسا ئاشکرای کردوە کە نوری مالکی وەک تاکە پاڵێوراوی لیستەکەیان دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ئامادەیی هەیە دانوستاندن لەگەڵ سەرجەم لیستە براوەکاندا بکات بە ئەیاد عەلاویشەوە.

هەر لەو پێوەندەدا ئاشکرابوە کە نوری مالکی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە تا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و چەن وەزارەتێک بە لیستی ئەلعێراقیە بدرێت.

# سوریا: نۆ کورد بە تۆمەتی جوداخوازی دادگەیی دەکرێن

سەرچاوەیەک لە پارتی یەکێتی کورد لە سوریا بە هەفتەنامەی **رۆژی گەلی** راگەیاند کە رۆژی 6ی حوزەیران نۆ گیراوی کورد بە تۆمەتی دابڕینی پارچەیەک لە خاکی سوریا و لکاندنی بە دەوڵەتێکی دیکە دادگەیی دەکرێن.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، ئەوانەی بڕیاروایە رۆژی شەشی حوزەیران دادگەیی بکرێن ئەندامی پارتی یەکێتی کورد لە سوریان و سێ ئەندامی لیژنەی سیاسی لەنێو گیراوەکاندان، ئەوانیش (حەسەن سالح، مەعروف مەلا ئەحمەدو محەمەد مستەفا)ن.

جێی ئاماژەیە کە ئەو کوردانە ماوەی چەند مانگێکە لەلایەن دەزگەی ئاسایشی سوریاوە گیراون و دووچاری ئەشکەنجەو ئازاردان بوونەتەوە.

# رۆژەڤ

چاوی عێراقیەکان و چاودێرانی سیاسی دەوڵەتانیش لەسەر هەوڵەکانی لیستە براوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ گیرساوەتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکان هێشتا رۆشناییێک بەدی ناکرێ. هێشتا نەک لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی کابینەکە، بەڵکو رێککەوتن و هاودەنگی لەسەر راسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ بوونی نیە، هەرچی لیستی ئەلعێراقیەیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی چونکە زۆرترین کورسی مسۆگەر کردوە، دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکوەزیران و راسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکومەت بە مافی رەوای خۆی دەزانێ، لەو بەستێنەشدا هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی متمانەی ناوەخۆو وڵاتانی دەرەوە چڕکردۆتەوە. لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالکی پێیوایە راسپاردنی پێکهێنانی کابینەی نوێ مافی رەوای ئەوە. لەو نێوەندەشدا لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق بە سەرۆکایەتی عەممار ئەلحەکیم یاریەکە بەڕێوە دەبات، چونکە بە بێ بەشداری و پشتیوانی ئەوان حکومەتی نوێ ناکام دەبیندرێ. بۆ ئێمەی کوردستانیش بەشداربوونی هاوپەیمانی کوردستانی و مەرجەکانی چۆنێتی رێککەوتن لەگەڵ لیستەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ خواستی هەرە لەپێشە. بۆ کوردستانیان گرنگ نیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کێ دەکرێ، گرنگ ئەوەیە بەمەرجی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، یەکلایی کردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدادو هەولێر بێ.

گێژاوی رێکنەکەوتن لەسەر راسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە هێشتا هزری دیکتاتۆری و تاکڕۆیی لە نێو عێراقدا باڵا دەستە، هێشتا پاراستنی بەرژەوەندەکانی کەسێتی و حزبایەتی لەسەرووی بەرژوەندەکانی باڵای گەل و نیشتمان دادەندرێ، ئەوەش زەنگی مەترسیەو دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

# بەرەی تورکمانی داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140 دەکات

سەرچاوەکانی هەواڵ دووپاتیان کردەوە کە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی جارێکی دیکەش دژایەتی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستور راگەیاندۆتەوە.

ئەرشەد سالح بەرپرسی یەکەمی بەرەی تورکمانی بە تۆڕی ئەلعراقیەی راگەیاندوە کە ئەوان بەو مەرجە چوونەتە ناو هاپەیمانی ئەلعێراقیە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، کە ماددەی سەدو چل هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە ئەگەر بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت رێککەوتن لەگەڵ کورد بکات دەبێ پێبەندی ئەو رێککەوتنە بێت کە بەرەی تورکمانی لەگەڵ هاوپەیمانی ئەلعێراقیەدا ئیمزای کردوە.

جێی ئاماژەیە کە ئێستا لایەنی کوردستانی مەیلی ئەوەی لا دروست بووە کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەیاد عەلاویدا بکات، بەڵام هەندێک کەس و گروپی ناو هاوپەیمانی ئەلعێراقیە نەک رێگرن لەبەردەم ئەو هاوپەیمانێتیە بەڵام بەهیچ شێوەیەک دژایەتی خۆیان بۆ کوردستان ناشارنەوە، زۆر راشکاوانە دژی خواستی کوردستانیانن و داوای هەڵوەشانەوەی مادەی 140 دەکەن. لە پێوەند بەو هەواڵە، سەرچاوەیەک بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانی پشتیوانی لە عەلاوی بکات، خۆی دووچاری هەڵەیەکی کوشندەی مێژوویی دەکات و مادەی 140 لەدەست دەچێ.

# کوردێک،کچێکی سویدی دەکوژێ

رۆژی 5ی مانگی ئایار لە شاری ڤێستەرۆسی وڵاتی سویددا کوڕێکی کورد دەچێتە بنکەی پۆلیس ودان بەو تاوانە دادەنێ کە رۆژێ پێشتر ئەنجامی دابوو.

رۆژی 5ی ئایار تەرمی کچێکی سویدی بە ناوی Beatrice Fredriksson ، تەمەن شازدە ساڵان لە دارستانی نزیک فێرگەی ستێن کۆملە سکۆلان لە شاری ڤێستەرۆس دا دۆزرایەوە، کە بەهۆی لێدانەوە دووچاری خوێن بەربوون هاتبوو، گیانی لەدەست دابوو.

هەمان رۆژی کوڕێکی کوردی باشووری کوردستان کە دانیشتووی شاری ڤێستەرۆسە و تەمەنی 16 ساڵە، لە لای پۆلیس دانی بە تاوانەکەی داناو ئاشکرای کرد کە ئەوان خۆشەویستی یەکتر بوونە، لەگەڵ یەکتر رایانبواردووو کچەکە باردارەبوە، ئەو داوای لێکردوە لەباری ببات، کەچی کچەکە ئامادە نەبووە، ئەویش ترساوە نەوەک کێشەی خێزانی بۆ دروست بێت، ژوانی لەگەڵ کچەکە داناوە، بەرنامەڕێژی بۆ لەباربردن کردوە، بۆیە بە بۆکس و دارو پێلاقە لە زگی کچەکەی داوە، بەڵام کچەکە بوراوەتەوەو دووچاری خوێن بەربوون هاتوە، کوڕەکەش ترساوەو جێیهێشتوە، بەڵام کە زانیویەتی مردوە رۆژی دواتر چۆتە بنکەی پۆلیس و بۆ خۆی دانی بە تاوانەکە داناوە. ئێستا کوڕەکە زیندانی کراوە، بەڵام ئەو رووداوە کۆمەڵی سویدی هەژاندوە، تا ئێستا چەندین رێپێوانی ریسواکردن ئەنجام دراوە، وێرای ئەوەی دەگیرێ لەوانەیە بنەماڵەکەیشی رەوانەی کوردستان بکرێنەوە.

## ئاسایشی نەتەوەیی لە کوێیە؟



بۆ لاپەڕە 7

## نامەکانی ئەشرەف



بۆ لاپەڕە 6

## ئایا عەلمانیەت بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێویستە



بۆ لاپەڕە 5

## سکرتێری حزب وەڵامی خوێنەرانی ماڵپەڕی سەربەخۆ دەداتەوە

بۆ لاپەڕە 3